
# نەڕۆیشتم , تا ئەویش نەهات !

جەلال بەرزنجی
کەنەدا 2006



من و رووبار ,
پێکەوە شوێن پێی چۆلیان هەڵدەگرین ,
بێ ترس ,
بە ناو تاریکی دا دەڕین ...
بەناو شەڕگەکاندا دەڕۆین .
بە ناو زستاندا دەڕۆین..
پێکەوە ژیان دەدەینە خاکێك, نایناسین .
درەختێك لە کەنارمان ئاو دەدەین یەکسەرجێی دێلین
من و رووبار ,
هەندێك جار ئەو من جێ دێلێ ,
لە سەرم دەوەستێ , .
هەندێك جار من ئەو جێ دێلم ,
لە سەری دەوەستم .
بەرێوە, هەندێك جار ئەو دەبووە قسەییێکی درێژ ,
بۆ ئەوەی لە ڕێگا هەست بە تەنیایی نەکەم ,
منیش ماندوبوونی ئەوم دەخستە سەر شانم
ماندوبوونی خۆشم لە سەر بەردێکی ئێوارە جێدەهێشت
من و رووبار هەردووکمان لە ناو تەم خۆمان دەگۆڕین
من و رووبار لەیەکتریمان نە پرسیووە ,
لە کەیەوە بەڕیوەین .
من لە گەڵ رووبار بەرێوەم ,
کاری من نییە لێی بپرسم, بۆچی لە یەك کاتدا شوێن بۆ ماسی و
قولاب , لە ناو خۆیدا دەکاتەوە !
یان چۆن کارمامزو راوچی پێکەوە دێنە سەری!
نەمپرسیووە ئەم حیکمەتە لە کوێ فێربووی

گورگ مەڕ پێکەوە ئاو بدەیت!

یان بە پردەکەی پشتت چەند کەست پەڕاندۆتەوە بۆ گۆڕستان
نەمپرسیووە, سنگت چۆن وا بۆ باڵی نەورەسەکان والآیە
یان چەندەت ئاو داوە بە پەڕسێلکەکان
نەمپرسیووە بۆچی ژیانی ناو زەریات وا پێ تەنگە
نەمپرسیووە تا ئێستا چەند شەڕ لە نزیکتا دۆڕاون!
چەند کلاوت پێش (با) بردووە
نەمپرسیووە ,لاشەی خنکاوەکانی ئێمەت, بردنە کوێ
لە گەڵ رووبار پێکەوە دەڕوێن ,
هەنێك بەیانیان من دەبمە هەڵمی سەری
ئەویش لەجیاتی دەبێتە رەزمێکی تەڕی شیعرم
من دەوەستم , تا ئەو شەپۆلانەی لێی دەکەون
هەڵیان گرمەوە,
لە گەڵ رووبار
وەك دوو رێبوار
زۆر شەمەندەفەرو , دار تەل و رێگای کۆن و تازەمان جێهێشت
لە گەڵ رووبار زۆر شمشێری ژەنگاویمان دوای خۆمان جێهێشت
لە گەڵ رووبار شوێنی زۆر ئاگر دانی کۆن تازە مان جێهێشت
هەموو ئێواران لە نزیکەوە سەیرم دەکرد ,
رووبار چەندە بە جوانی (خۆرئاوابوون) لە ناو لەپی
شەپۆلەکانی هەڵدەگرێتەوە
بەیانیانیش یەکەمین کەس بوو بەخۆڕای تیشکەکانی دەدایەوە
رووبار هەمیشە بە ئارام بوو لە گەڵ جولەی سەبری بۆقەکانی,
کەناری .
من و رووبار
دەرۆیشتین
لە هەرکێشوەر و وڵات و شارو گوندێك
ناوێکمان هەبوو
رووبار زۆر لە گەڵ باران و جولەی

**نیگەرانی ماسیەکان بە ئارام بوو**

**من و رووبار دەرۆیشتین و**
**کەسێکیش بیری لای ئێمە نەبوو لە تێپەڕبوونماندا بەنزیکیاندا**
**ئەوکات بوو, کەشتیەوانێکمان بینی لە (با) دەگەڕا**
**مانگمان بینی زۆر بە نەزاکەتەوە**
**پاڵتۆی خۆی بە ئێمە دا دەدا**
**ئەمشەوە ماندوو نەبو وبووم ,**
**تا لە سەر بەردێکی کەنار هەڵی خەم**
**شاخ هەر زوو سەختی خۆی گواستەوە دەوری ئێمە**
**من و رووبار**
**بەئاگابووین**
**کەلەشێری لە ئەنفال جێماویشمان  لە بەیانی دان ئاگادار کردەوە**
**من زۆر جار رووبارم دوورتر دەبرد ,**
**زۆر جار شە پۆل و شیعرمان دەگۆڕیەوە**
**کەسمان بیرمان لای  قازانج وزیان نەبوو**
**من و رووبار لە کەیەوە بەڕێوەین !**
**ئەو زۆر یادەوەری منی لایە**
**منیش زۆر یادەوەری ئەوم لایە**
**لە گەڵ رووبار دەڕویشتین**
**من وەك جاران زۆرم لاگرنگ نەبوو بزانم  ئەو**
**بەرەو رۆژهەڵات یان بەرەو رۆژ ئاوا دەڕوات**
**ئەویش زۆر لای گرنگ نەبوو**
**ئەو (سکەی) لە خۆر هەیبوو**
**لە شوێنێکی تایبەت داینێ**
**لای گرنگ بوو ,من لە سەری بووەستموو**
**لە گەڵ مندا بکەوتەوە ڕێ  !**